کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
21-4-2007 13:07بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەیرانگاکان لەزبڵ و پاشەڕۆدا ڕەش دەچنەوە هاوولاتییەک: لەبەرنەبوونی خزمەتگوزاریی و قەرەباڵغی هەست بەوەناکەم لەسەیرانم ... ڕاپۆرت: ئاسۆ

زۆربەی وڵاتانی دنیا بایەخی تەواو بەگەشت و گوزار دەدەن، لەوڵاتی خۆشمان گەشت و گوزار بایەخی پێنادرێت و وەلانراوە، حکومەتی هەرێم چەند هۆتێل و کابینەیەکی کردۆتەوە ئەویش تەنیا بۆ بەرپرسەکانی خۆیانە، ئەمە قسەی خێزانێکی سەیرانکەری قەشقۆڵی بوو کە لەبەر بی جێگایی لەناو ئۆتۆمبیلەکەیان دانەبەزین و سەیرانی ئەو ڕۆژەیان لەقەشقۆڵی بۆ نەکرا.



کاتێك ڕوو لەسەیرانگاکانی قەشقۆڵی و سەرسیر و سەرتەکی بەمۆ و ئەوانی تر دەکەیت ئەوە دەبینی ئەم سەیرانگایانە هیچ بایەخێکیان پێنەدراوە، بەپێچەوانەوە ساڵ لەدوای ساڵ ئەم ناوچە گەشتیارییانە وێرانتر دەبن، بەشێك لەو شوێنە گەشتیارییانە لەبەر شوشەی عەرەق و بتڵی بیرە و پاشماوەی سەیرانکەران خەڵك هەراسان بوون، ئەمە جگە لەوەی ئەو شوێنە گەشتیارییانە تا ئێستا تەوالێتیان تێدانییە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە بۆ سەیرانکەران، ئەوەی کەگومانی تێدا نییە حکومەتی هەرێم وەك پێویست ئاوری لە کەرتی گەشتوگوزاریی نەداوەتەوە و تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە سەیرانگاکان بدرێنە کەرتی تایبەت تا ئاوەدانیان بکاتەوە، ڕۆژی 3/21 لەگەڵ خێزانەکەمدا چووینە دەرەوە بۆئەوەی کاتێکی خۆش لەدوور شار بەسەربەرین و وەك نەریتێکی ساڵانە خۆمان ئامادەکرد، بەڵام شەو لەمشتومڕی ئەوەدابووین ڕوو لەکام سەیرانگا بکەین؟

ئەگەر بچینە دێلێژە ڕێگەکەی ناخۆشەو دوورنییە تووشی کارەسات بین، سەرتەکی بەمۆش هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدانییە، بەناچاریی وەك زۆربەی خەڵك ئێمەش بڕیارماندا ڕووبکەینە قەشقۆڵی، لەدوکان لەبەر خراپی ڕێگاوبان و قەرەباڵغی زۆر، بەیانییەکی زوو کاتژمێر شەش بەڕێکەوتین، کاتێك گەیشتینە ئەوی خەڵکانێکی زۆر لەوی بوون. زۆربەی کەپرەکان بەکری درابوون بەخەڵك، ئێمە شانسی دەستکەوتنی جێگەیەکمان هەبوو.

کەموکوریی ناو سەیرانگای قەشقۆڵی، بڕیاری ئەوەی پێدام واز لەخۆشیی سەیرانەکە بهێنم و بەدووی کەموکوریی زیاتردا بگەڕێم و بیکەمە ڕاپۆرتێك.

قەشقۆڵی لە 3/21 دا بەهەزاران گەشتیار ڕوویان تێکردبوو، لەکاتژمێر دەی بەیانی هیچ جێگایەك نەما، زۆربەی خێزانەکان لەتەنیشت یەکەوە بوون کە ببووە جێگەی نیگەرانی بۆیان چونکە نەیاندەتوانی ئیسراحەتی خۆیان وەربگرن و ئازادانە هەڵسوکەوت بکەن، لەو سەیرانگە گەورەیەدا کە هەزاران کەس ڕوویان تێکردبوو من تەنیا دوو تەوالێتم بینی، ئەوەش وایکردبوو خەڵکی سەرە بگرن بۆ تەوالێت ئەمە ژنان و کچانی تەواو هەراسان کردبوو، پیاوانیش وا بەئاسانی نەیاندەتوانی سەرەبگرن، لەبەرئەوەی چەندین لاو تەماشایان دەکردن.

پیسیو پاشەڕۆی سەیرانگاکان بڵاو ببوونەوە و هیچ جێگایەکی تایبەت نەبوو بۆ فرێدانی پاشماوەی خواردنەکان. یەکێك لەسەیرانکەران وتی: لەساڵێکدا ئەم چەند ڕۆژەمان هەیە کە بێینە دەرەوە بەڵام ئەوەش وەزعەکەیە کە دەیبینیت، تەوالێت نییە لەم سەیرانگایەدا، ئەو تەوالێتەشی کە هەیە ئەوەتا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وێنەی بگرە و بزانە چۆنە، پاشان لەبەرنەبوونی خزمەتگوزاریی هەموو خەڵکەکە هاتوونەتە نزیك ئاوەکە، خۆم ئێستاهەست ناکەم لەسەیرانم بەڵکو هەر دەڵێی شەقامی مەولەوییە، لەبەر سەیارە و قەرەباڵغی زۆر هەراسان بووم.
تانیاخان- کە ماوەیەکی زۆرە لەدەرەوەی وڵات دەژی لەم چەند رۆژەدا هاتۆتەوە کوردستان و زۆر خۆشحاڵبوو لەوەی لەم نەورۆزەدا لەناو کەسوکاری خۆیدایەو بەشداریی جەژنی نەورۆز دەکات، ئەویش گلەیی ئەوەبوو کە تا ئێستا سەیرانگاکان یاریگای تایبەتی بۆ منداڵان تێدانییەو لەم رۆژەدا منداڵان حەز لەشاری یاریی دەکەن، ئەمە گرفتێکە کە هیوای خواست حکومەت هەنگاوی چاککردنی بۆ بنێت.
سەوسەن جەمال – وتی: ئەوەی لە TV ەوە سەیری سەیرانگاکان بکات دەڵێت سەیرانگاکان زۆر خۆشن، بەس لەراستیدا وا نییە، ئێمە هاتووینەتە ئێرە بەڵام جێگامان نییە.
دەبێت ڕوو لە سەیرانگایەکی تر بکەین، لەهەموو وڵاتاندا بایەخ بەسەیرانگاو شوێنە گەشتیارییەکان دەدرێت، بەڵام حکومەتی خۆمان بایەخ سەیرانگاکان نادات، چەند هۆتێل و کابینەیەکی کردۆتەوە ئەوەش بەس بۆ مەسئولەکانی خۆیانە، ئەگەر ئاوها بڕوات چەند ساڵێکی تر ئەم سەیرانگایانە تەواوەتی وێران دەبن.
دیلمان – خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین کە لەم چەند رۆژەدا بۆ پشوو گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەگەڵ خانەوادەکەیدا هاتۆتە قەشقۆڵی، ئەویش پێی وتم: هیچ خۆشییەك لەم سەیرانە نابینم، ئەم قەرەباڵغییە زۆرە مرۆڤ هەراسان دەکات و ناتوانیت سەربەستی خۆت وەربگریت هەرچوار دەورت خەڵکە، ئەوە چەندین ساڵە من دێمە قەشقۆڵی لەناو ئاوەکەدا چەند بەلەمێکی تێدایە کە ناکرێت پێی بڵێین بەلەم، لەبەرئەوەی چوار پارچە تەختەیە و چوپی تایەی سەیارەی خراوەتە ژێر، هەر ئەو بەلەمانەی لێیە قەت گۆڕانێك لەم قەشقۆڵییەدا بەدیناکەم، بگرە ساڵ بەساڵ خراپتر دەبێت، شتێکی تر کە حەزدەکەم باسی بکەم رۆشنبیریی خەڵکەکەیە، ئەو خەڵکە هاتۆتە سەیران ئەو پاشماوانەی کە لەدوای بەجێدەمێنێت کۆیناکاتەوە بەڵکو لەشوێنی خۆیدا بەجێی دەهێڵێت کە ژینگەی ئەم ناوچەیە پیس دەکات و جوانی سەیرانگاکە دەشێوێنێت، ئەوە رێگاوبان هەمووتان دەیزانن، لەئێستاوە غەمی ئەوەمە چۆن بگەڕێمەوە، شەقامەکە خۆی یەك سایدە، ئەگەر ئێوارە بگەڕێینەوە ڕەنگە بۆ نۆی شەو یان درەنگتر بگەینەوە سلێمانی ئەگەر تووشی هیچیش نەبین.
سەیرانگای قەشقۆڵی لەهەموو ڕووەکانەوە بی خزمەتگوزارییە، ئەمەش بۆتە کێشەیەکی گەورەی سەیرانکەران، ئەوەی لەسەیرانگای قەشقۆڵی جێگەی ڕەزامەندیی و دڵخۆشی بوو ئەوەبووە ئاسایشی سەیرانکەران دابین کرابوو.
ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.